The Journal of Mesopotamian Studies
ISSN:2147-6659 / e-ISSN: 2687-6388

Omar Ahmad, H. (2020). ڕەسوول مەستی (1823-1908) ژیان و بەرهەمی لە ئەرشیفی عوسمانیدا
*The Journal of Mesopotamian Studies,* 5 (2), 243-281, DOI: 10.35859/jms.2020.768958

https://doi.org/10.35859/jms.2020.768958

# ڕەسوول مەستی (1823-1908)
# ژیان و بەرهەمی لە ئەرشیفی عوسمانیدا

## RESUL MESTÎ (1823-1908) JIYAN Û BERHEMÎ LE ARŞÎVÎ OSMANÎ DA

Hemîn OMAR AHMAD [1]

پوختە

لە نێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا هێشتا زۆر نووسەر و شاعیر هەن، تەنیا ناون و شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانیان دەست ناکەوێ. ئەم لێکۆڵینەوە بە سایەی گەڕان لەنێو ئەرشیڤی عوسمانیدا، تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی ژیانی **ڕەسوول مەستی** ی ئەدیب، پەروەردەکار، زانا و فیزیاناسی کورد، تێیدا بۆ جاری یەکەم بە زمانی کوردی چەند لایەنێکی تاریکی ژیانی لەبەر سێبەری بەڵگەنامەکانی عوسمانی ڕوون دەکاتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ڕێی ئەرشیف و سەرچاوەکانەوە، کتێبە چاپکراو و ونبووەکانی دەخاتە ڕوو، هەروەها ئەزموونی شیعری و پەیوەندیی شیعری ئەو لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ڕۆڵی وەك شاعیرێك لە ڕێی کۆکردنەوەی ئەو چەند شیعرەیەوە نیشان دەدات. وێڕای ئەوەش لە هەوڵی داهێنەرانەی زانستی و وێستگە جیاوازەکانی ژیانی لە بواری پەروەردە دەکۆڵێتەوە و لەو ڕێگەیەوە مێژووی پەروەردە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەی نووسین وێنە دەگرێ.

**وشەی کلیلی:** ڕەسوول مەستی، شیعر، فیزیا، پەروەردە، بەڵگەنامەی عوسمانی

---

[1] Dr, Soran Universitesi / Soran /IKBY
Bingöl Üniversitesi Kürt Dil ve Edebiyatı Misafir Öğretim Üyesi
مامۆستای زانکۆی سۆران، هەولێر، مامۆستای مێوان لە زانکۆی بینگۆل
**ORCID:** 0000-0003-1985-9512
**E-Mail:** hemin.ahmad@soran.edu.iq

**Article Type/Makale Türü:** Araştırma Makalesi / Research Article
**Received / Makale Geliş Tarihi:** 15.08.2020 - **Accepted / Makale Kabul Tarihi:** 19.08.2020

**Osmanli Arşiv Belgelerine Göre Resûl Mestî'nin (1823-1908) Hayati ve Eserleri**

**ÖZ**

Kürt edebiyatı tarihinde birçok yazar ve şair halen birer isimden ibaret olup onların hayat ve eserlerine dair kayda değer bulgular elde edilememiştir. Bu çalışmada Osmanlı arşiv belgelerinin incelenmesi sayesinde Kürt edebiyatçı, eğitimci, alim ve fizikçi Resûl Mestî'nin hayatının kimi yönlerine ışık tutulmuştur. Osmanlıca belgelere istinaden ilk defa onun hayatının karanlıkta kalan kimi yönleri aydınlığa kavuşturulmuş ve tümüyle belge ve kaynaklara bağlı kalınarak onun basılı ve kayıp eserleri gün yüzüne çıkarılmış ve benzer şekilde onun şiir denemeleri, Şeyh Rızâ Tâlabânî ile olan edebî münasebetleri ve derlenen birkaç şiiri vasıtasıyla bir şair olarak oynadığı rol gösterilmiştir. Öte yandan onun bilimsel mucitlik çabaları ve hayatının eğitim sahasını alakadar eden önemli aşamaları incelenmiş ve bu yolla Kürt toplumu içerisinde eğitim tarihinin ne suretle şekillendiği betimlenmiştir.

**Anahtar Kelimeler:** Resûl Mestî, Şiir, Fizik, Eğitim, Osmanlı Belgeleri.

**Rasul Masti (1823-1908) His Life and Works in Ottoman Archives**

**ABSTRACT**

In the history of Kurdish Literature, there are so many authors and writers who are still known by their names, that is, not so much information of their lives and works can be obtained. In this paper, based on the searches in Ottoman Archives, some aspects of Rasul Masti's life are described. Rasul Masti was a Kurdish tutor, educator, scientist, and physicist. The paper attempts to shed a light on his life and works relying on Ottoman Archive documents and references. Also, according to these references and documents, the paper demonstrates his published books and lost works. It also shows his poetic experience, his relation with the poet, Sheikh Razay Talabani through collecting some of his poems. Despite of all that, the paper studies his creative scientific efforts and various stages of his life in education, in this way, it depicts in writing style, the history of education in Kurdish society.

**Keywords**: Rasul Masti, Poetry, Physics, Education, Ottoman Documents

## پێشەکی

لەنێو مێژووی نووسراوی کوردیدا، چ مێژووی ڕۆشنبیریی بەگشتی یان مێژووی ئەدەبیاتدا، هێشتا نووسەر و کەسایەتیی کاریگەر هەن، تەنیا ناویان دیارە و شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە نازانرێ. تەنانەت لەو بەرهەمانەی نووسیویانە، زۆر جار یان دیار نین، یانیش تەنیا ناوی هەندێ لە بەرهەمەکانیان تۆمار کراوە. لەنێو مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر

کەسایەتیی کورد پلەو پایەی کارگێرییان هەبووە و بەو هۆیەوە بەشێك لە ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانیان لەنێو ئەرشیفخانەی عوسمانیدا پارێزراوە. یەکێك لەو کەسایەتییانەی کە لە بواری کارگێری، پەروەردەیی، ئەدەبی و زانستییەوە ڕۆڵێکی دیاری هەبووە ڕەسوول مەستی ئەفەندی بووە. لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر وێستگە گرنگەکانی ژیان و بەرهەمەکانی لە چوارچێوەی ئەرشیفی عوسمانیدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە گەڕایەوە کە تا ئێستا بە زمانی کوردی لەناوهێنانی بترازێ، توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئەم کەسایەتییە نەنووسراوە، وێڕای ئەوەش لە بارەی وێستگە گرنگەکانی ژیانی ناوبراو تەنیا بۆچوون هەبوو، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەك پشتڕاستی زانیارییەکان بکاتەوە. بۆیە گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە بۆ یەکەم جار ئەو کەمە شیعرانەی کۆ دەکاتەوە و شەن و کەوی بەرهەمە چاپبوو و ونبووەکانی بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەکات و چەند لایەنێکی ژیانی کارگێری و مامۆستایەتی و زانایەکەی لە بواری داهێناندا دەخاتە ڕوو. سەرچاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەش بەڵگەنامە و ئەرشیفی عوسمانییە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی نێو بەڵگەنامەکان و کۆکردنەوەی شیعرەکانی، پشت بەو سەرچاوانە بەستراوە کە لە بواری فەرهەنگی کەسایەتی و شاعیرەکان لەنێو کورددا نووسراون.

باسەکە سێ تەوەری سەرەکیی لەخۆ دەگرێت، لە تەوەری یەکەمیاندا بەکورتی لەسەر ئەو بەرهەمانە ڕادەوەستێ کە لەبارەی مەستییەوە نووسراون، ئەگەر چی زۆربەیان فەرهەنگ و کتێبی ژیاننامەن، بەڵام بە ڕیزبەندی مێژووییەوە ناویان دەهێنێ و وەسفیان دەکات.

هەرچی تەوەرەی دووەمە بۆ ژیان و مردنی تەرخان کراوە و تێیدا بەوردی لەبەر تیرێژی بەڵگەنامەکانەوە، ناو و لەدایکبوون و خوێندنی و زمانزانییەکەی دەخاتەڕوو، پاشان لەسەر وێستگە گرنگەکانی ژیانی لە بواری وەزیفەدارییەوە لە هەر یەکە لە ڕەواندوز، موسڵ، کەرکوك، بەسرە، ئەستەنبوڵ و وان دەوەستێ و بە گوێرەی بەڵگەنامەکان چی زانیاری هەبێ لەو قۆناغانەدا باس دەکات. وێڕای خزمەتەکانی، هۆکاری لەکارلادانی و هەوڵی گەڕانەوەی بۆ سەر کار و داهێنانەکەی لە بواری فیزیا و سەفەرەکانی بۆ میسر و ئەورووپا دەخاتە بەر باس.

تەوەری سێیەم بۆ بەرهەمەکانی تایبەت کراوە، تێیدا بەرهەمەکانی وەك کتێب، جا چ چاپکراو یان بەرهەمی ونبوو، بە گوێرەی بەڵگەنامە و سەرچاوەکان دەناسێنێ و پاشان لە بەرهەمە شیعرییەکانی و پەیوەندیی شیعری لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەکۆڵێتەوە. لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێك ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو، لەگەڵ نیشاندانی نموونەی هەندێ لەو بەڵگەنامە و وێنەی بەرگی کتێبەکانی ناوبراو.

## 1. چی لەبارەی مەستییەوە نووسراوە؟

تا ئێستا بە شێوەی سەربەخۆ هیچی لەبارەوە نەنووسراوە، ئەوەندە هەیە یەکەمین سەرچاوە کە لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناوی مەستی تێدا هاتبێ، شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، چ لە دەستخەت یان دیوانە چاپکراوەکەی لە چەند شوێنێکدا ناوی هاتووە(مستەفا، 2010). بەڵام وەك نووسین سەبارەت بە ناوبراو لەنێو کتێباندا، کتێبی (تاریخی سلێمانی و وەڵاتی)ی (ئەمین زەکی بەگ،2006)ە (زەکی بەگ،2006) و ئەو دوو لاپەڕی کتێبەکەی بۆ مەستی تەرخان کردووە و وێڕای خوێندن و وەزیفەی ئیداری، باسی تەنیا دوو کتێبی ناوبراو دەکات ئەوانیش هەر یەك لە (حوادث عناصر) و (سیر زلزلة)ن. هەر ناوبراو لە کتێبی (مشاهیر الکرد وکردستان) کورتە ژیانەکەی مەستی دەنووسێتەوە و چەند زانیارییەکی تر لەبارەی زێدی دەخاتە ڕوو(زکی،2005: 217). دواتر ئەو کتێبانەی بۆ مێژووی ژیانی زانایان نووسراون[2]، هەموویان پشتیان بە کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگ بەستووە، تەنیا کتێبی (گوڵچنی گیو)ی گیوی موکریانی (موکریانی: 2019) کورتەی ژیانی نووسیوە و پشتی بە زانیارییەکانی ڕەشید مەستی کوڕی و تۆفیق وەهبی کچەزای مەستی بەستووە. بە زمانی تورکیش تا ئێستا ئەوەندەی ئاگادار بین تەنیا ریسالەی (سپر زلزله) لە لایەن د. نوح ئەرسلانتاشەوە (Arslantaş, 2007) کراوەتە لاتینی و لە پێشەکییەکەدا بە پشت بەستن بە تۆماری عوسمانی کورتەیەکی ژیانی نووسیوە.

## 2. ژیان و کار و مردنی:

### 1.2. ناو و لەدایك بوون و خوێندنی:

2 لەوانە: مێژووی ناودارانی کوردی بابەشێخ ئەمین رۆحانی، مێژووی زانایانی کوردی مەلا تاهیر بەحرکەیی، الموسوعة الکبری لمشاهیر الکرد عبر التاریخ ی محمد علی عونی، ناودارانی کورد ی میر بەصری و أعلام الکرد ی جەمال بابان.

ڕەسوول مەستی ئەفەندی کوڕی مەحموود بەگە. لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی بە مەلا عەبدولرەسول و ڕەسوول مەستیش ناوی هاتووە. ساڵی 1240ی کۆچی لە قەسەبەی سلێمانییەی سەر بە ویلایەتی موسڵ[3] لە گوندی سەراوەگوندی دەڤەری هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە[4] ، لە دە ساڵیدا باوکی نەماوە، کەوتۆتە دەست زڕباوکەوە، چەند ساڵ شوانی و بەرخەوانی و کارەوانی پێ کردووە، ژیانی منداڵی زۆر بە ناخۆشی و پەرێشانی ڕابواردووە. ڕۆژێك هەر لەخۆوە گوتویەتی: تاکەی شوانی ئەو کابرا جافە بکەم؟ بخوێنم باشترە. مەستی لەسەر ئەو بڕیارە چووە بۆ گوندی هانەسوورە لە مەدرەسەیەك کە خاوەنەکەی دۆستی باوکی بووە دەستی بە خوێندن کردووە. مامۆستایەکەی زۆر بەئەمەك بووە، بەخێویشی کردووە و قورئان و چەند کتێبێکی فارسیشی پێ خوێندووە. لە پاشان لە مزگەوتەکانی هەوراماندا و لەلای مەلا سەید عەبدولرەحیمی مەولەوی زانست و زانیاری وەرگرتووە و زمانی تاتیان/ هەورامیش فێربووە. چۆتە سنە لە مزگەوتی دارولئیحسان شەش ساڵان ماوەتەوە، ناوبانگێکی چاکی پەیداکردووە و ئەمانوڵڵا خان[5] ی والی سنەیش گەلێك ڕێزی لێناوە و کۆمەکی کردووە. دواتر ڕووی لە موفتی زەهاوی بەغدا کردووە و زۆر نەماوەتەوە و چۆتە ڕەواندز و گشت زانستەکانی لای مەلای خەتێ[6] بە کۆتا هێناوە و ئیجازەی وەرگرتووە. (موکریانی، 2019: 347)

## 2.2. زمانزانینی مەستی:

3 DH.SAİDd... 76 - 79

4 تۆفیق وەهبی بەگ کچەزای ڕەسوول مەستی جیاواز لە سەرچاوەکانی تر باسی مەستی و زێدەکەی دەکات و دەڵێ: پێی گوتراوە ڕەسوول بەگ، لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەی خدر بەگی بابانە کۆنەکانە، خدر بەگ دەستەڵاتداری بابانەکان بوو و لە (مەرگە) دادەنیشت و لە ساڵی 1000ی کۆچی مردووە. ئیدی دوای وەفاتی ئەو، نەوەکانی لە گوندەکانی قلیجە و میرەدێی باشووری سلێمانی نیشتەجێ بوونە. بەشێکی ئەو بنەماڵەیەش لە سلێمانی نیشتەجێ بوونە. بەڵام ڕەسوول بەگ لە قلیجە لەدایك بووە و لە سلێمانی دانیشتووە. بڕوانە (دەستنووسی تۆفیق وەهبی، ل2)

5 ئەمانوڵڵا خانی دووەم کۆتا حوکمداری ئەردەلانەکان بووە، کە ناوەندەکەی شاری سنە بووە. حوکمدارییەکەی لە ساڵی 1265-1284ی کۆچی بووە. دوای ئەو حکومەتی ئێران فەرهاد میرزای کردە والی سنە و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەردەلانەکان هات. (زکی،2005: 119)

6 مەلای خەتێ ناوی مەلا محەمەد کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی عەبدولرەحمان کوڕی ئیسماعیل کوڕی شێخ سلێمانە، لە ساڵی 1785ز لە گوندی خەتەی خۆشناوەتی لەدایك بووە، بە محەمەد ئەفەندی یان محەمەد خەطی ئەفەندی ناسراوە، لای زانایانی ناوچەی ڕواندز خوێندویەتی، لە لای مەلا عەبدولرەحمانی ڕۆژبەیانی ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە. دەچێتە بەغدا و نێوانی لەگەڵ داود پاشا خۆش بووە. لە ساڵی 1815 محەمەد پاشای ڕواندز دەیکاتە موفتی گشتی هەموو ناوچەی سۆران. چەند دانراوێکی هەیە. لە ساڵی 1860 کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گەردەگەرد ئەسپەردەی خاك کراوە. (بەحرکەیی، 2010: 49).

مەستی ئەفەندی وێڕای ئەوەی لە بەرهەمەکانیدا زمانەکانی عەرەبی و تورکی بەکارهێناوە، لە تۆماری گشتیی فەرمانبەراندا ئاماژە بەوە دراوە کە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بە نووسین و خوێندنەوە و هەروەها زمانەکانی فڕەنسی و کوردیش بە قسەکردن دەزانێ (DH.SAİDd. 76 - 79). هەروەها خۆی لەو فۆرمەی کە دووبارە بۆ دامەزراندنەوەی لە ساڵی 1320 پێشکەشی کردووە، ئاماژە بەوە دەدا کە زمانەکانی تورکی/ عوسمانی، عەرەبی و فارسی دەزانێ (BEO.001836.137627.003). هەر لەنێو ئەم دۆسیەیەدا و لە لاپەڕەیەکی سەربەخۆ، وەك ئەوەی ناوبراو تاقی بکەنەوە و ئەویش پەیمان و بەڵێن بدات لەسەر زمان زانینەکەی، بە هەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی ئاماژە بەوە دەدات کە: "داعیکم من حل اعرف لسان العربی والفارسی القدیم بقواعده وشواهده.

داعی فقیرش زبان عذب البیان عربی و فارسی را میدانم و در ین زبانها اشعار و ابیات و مصنفات ...دارم"

دەبینین لە بەشی عەرەبی و فارسییەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی عەرەبی و هەروەها زمانی فارسیی کۆن و نوێ بە هەموو بارەکانییەوە دەزانێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەو هەردوو زمانە شیعر و ئەدەبیات و نووسراوی نووسیون.

لە بەشە تورکییەکەشدا خاڵی گرنگتر باس دەکات، ئەویش باسی زمانی فەڕەنسییە، دەڵێ: "زمانی تورکی بە هەموو بنەماکانییەوە وەك ئەوەی پێویستە دەزانم. هەروەها زمانی فەڕەنسیش جوان جوان وەردەگێڕم و لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا دەتوانم قسەشی پێ بکەم، توانیم حکمت طبیعیە و حوادث عناصر و سپر زلزلە لە فڕەنسییەوە وەربگێڕم" **(BEO.001836.137627.004)**. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە کە کتێبە زانستییەکانی لە فڕەنسییەوە وەرگێڕاون، کەچی لە نێو کتێبەکاندا ئاماژەی بە وەرگێڕان نەکردووە.

## 3.2. قۆناغەکانی ژیان و وەزیفەی:

### 1.3.2. لە ڕواندوزدا:

دوای ئەوەی ئیجازەی زانستیی لە ڕواندوز لای مەلا محەمەدی خەتێ وەردەگرێ، هەر لەو شارەدا دەمێنێتەوە و تەنانەت ماوەیەکی زۆریش لای عوسمانییەکان هەر بە مەلا ڕەسوول، یەکێ لە زانایانی ڕواندوز ناسرابوو.

ڕواندز ئەو کاتە قەزایەکی سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، مەستی لەم قۆناغەدا دوو کتێبی نووسیون، وا دیارە بابی عالی لێ ئاگادار کراوەتەوە و ئەویش داوای پاداشتی کردووە و فەرمانی پاداشتکردنی بۆ دەرچووە. دۆسیەیەکی بەڵگەنامەکان کە پێنج لاپەڕەیە و مێژووی 1276/4/3ی کۆچی کە دەکاتە 1859/10/31ی میلادی لەسەر نووسراوە، چەند نووسراوێکی تێدایە لەنێوان وەزارەت و ویلایەتی موسڵ و وەزارەتی مەعاریف ئاڵوگۆڕکراون، تێیدا باس لەوە دەکەن کە لە زانایانی ڕواندوز رەسوول مەستی ئەفەندی هەر دوو کتێبی **تشريح الافلاك** و ریسالەی **إثبات واجب** ی نووسیون و نووسراو بۆ وەزارەتی مەعاریفی گشتی کراوە و ئەوانیش لە ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاریان لەسەر داوە کە ناوبراو لە فوزەڵای عەسرە و هەبوونی جێی شانازییە و نووسراوەکانی زۆر پەسەندن و ئەو لە ویلایەتی موسڵ خەریکی دەرسدانەوە و خزمەتی عیلمە و لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاردراوە کە لە دارایی ویلایەتی موسڵەوە ئەندازەی 150 قڕووش مووچەی مانگانەی بۆ ببڕدرێتەوە و هەروەها لە پای نووسینی ئەو دوو کتێبەشی بە بڕی 1500 قڕووش عەتییەی سەنییەی پێ ببەخشرێ. لەبەر ئەوە نووسراو حەواڵەی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی واڵاش کراوە. (İ..MVL. 423 - 18572)

هەر لەم ماوەیەدا هەوڵێکی دیکەی نووسینی مەستی هەبووە، لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1277/2/29ی کۆچی کە دەکاتە 9/16/ 1860ی لەسەر نووسراوە و ئەو کاتە مەستی ئەفەندی لە ڕواندوز بووە. بەڵگەنامەکە لە قەڵەمی موهیممەی بابی ئاسەفەوە بۆ قائیمقامییەتی ڕواندز نێردراوە و تێیدا هاتووە کە مەستی ئەفەندی ریسالەیەکی نووسیوە و لەبەر چاپە کە وەڵامێکە بۆ قەشەیەك کە لە بارەی شتە حەرامکراوەکان کتێبێکی نووسیوە. لە بەڵگەنامەکەدا پەسنێکی زۆری مەستی ئەفەندی کردووە کە

کەسێکی بە هیممەت و غیرەتە و توانیویەتی ئەو بەرهەمە بنووسێ.( A.}MKT.MHM. 195 – 38)

## 2.3.2. لە ئەستەنبوڵدا:

لە قۆناغی ئەستەنبوڵدا، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن مەستی ئەفەندی دوای ڕەواندوز چۆتە ئەستەنبوڵ، سەرەتاکەی سەفەرێك بووە و بەهۆی زستانی سەخت و ساردی ڕێگاوە داوای درێژکردنەوەی مۆڵەتی هاتنەکەی بۆ ئەستەنبوڵ دەکات. لەم ڕووەوە بەڵگەنامەکە نامەیەکی مەستی ئەفەندی تێدایە و نووسیویەتی لەبەر مەترسی لافاو و سەختی وەرزی زستان و ترسان لەم دووانە، دوعاگۆتان دەمێنێتەوە و بەو هۆیەوە داوای درێژکردنەوەی ماوەی سەفەرم بۆ دوو مانگی تر بۆ درێژبکەنەوە( A.}MKT.NZD. 301 - 33). دواتر نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی کراوە بۆ ڕەزامەندینواندن و مێژووی نامەکەش 1276/6/18ی کۆچییە کە دەکاتە 1860/1/12ی میلادی.

ئەم مانەوەیەی ناوبراو لە ئەستەنبوڵدا کاتی بووە، چونکە لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1278/2/25ی کۆچی لەسەر نووسراوە، نووسراو بۆ قائیمقامی سلێمانی کراوە کە برە پارەیەك وەك پاداشت بدرێتە رەسوول مەستی (A.{MKT.UM.. 495 - 94). دەرفەتی مانەوەی لە ئەستەنبوڵ، دەبێتە هۆکاری ئەوەی چەند کەسایەتییەك و کاربەدەستێکی گەورەی عوسمانی بناسێ. هەر بۆیەش ئەم قۆناغی ئەستەنبوڵە دەبێتە وێستگەیەکی مانەوەی ناوبراو و گۆڕانکاریی لە ژیانیدا. سەرچاوەکانیش ئەوە باس دەکەن لە (دارولموعەلیمینی ڕوشدییەدا خوێندنی تەواو کردووە) (زکی،2005: 218) لەو ماوەیەدا کتێبێکی لە بواری زانستی فیزیا نووسیوە و بە هۆی عەبدولرەحمان سامی پاشا[7] ی وەزیری مەعاریف پێشکەشی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی کردووە و سوڵتانیش مووچەیەکی 150 قڕووشی

7 عەبدولرەحمان سامی پاشا کوڕی نەجیب ئەفەندی یەکەم وەزیری مەعاریفە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ساڵی 1794ی زایینی لە مۆرا لەدایك بووە و ساڵی 1882 لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە. سەرەتا لای باوکی خوێندوویەتی، دواتر لە لای زانایانی ناوچەکە بەردەوام بووە لە خوێندن و لە تەمەنێکی زوودا زمانەکانی عەرەبی، فارسی، فڕەنسی، یۆنانی، عیبری و لاتینی فێر بووە. لە ڕاپەڕینی ڕۆمەکاندا خۆی و خانەوادەی بە دیل دەگیرێن و دواتر باوکیشی دەکوژرێت و دەست بەسەر ماڵەکەیاندا دەگیرێ و ماڵیان دەکرێتە کڵێسا. دواتر بە خێزانەوە دەچنە میسر. 25 ساڵ لە میسر دەمێنێتەوە و دواتر بۆ ئەستەنبوڵ دوور دەخرێتەوە. لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا کار دەکات و دەبێتە پشکنەری ویلایەتەکانی بۆسنە و ترابزۆن. ساڵی 1856 دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی تەنزیمات. ساڵی 1857 دەبێتە سەرۆکی کاروباری مەعاریف و دواتر دەبێتە وەزیری مەعاریفی گشتی و لە ساڵی 1861دا دەست لەکاردەکێشێتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (Subaşı,2019:269-286)

بۆ بڕیوەتەوە و دوای ساڵێك بۆتە مامۆستای منداڵەكانی وەزیری مەعاریف.(A.}MKT.NZD. 297 - 21 )

## 1.2.3.2. مووچە وەرگرتن و هەوڵی زیادكردنی:

وەك پێشتر ئاماژەی پێ درا لە بەرامبەر خزمەتەكانی مەستی ئەفەندی، دەوڵەتی عوسمانی ئەندازەیەك یارمەتی بۆ ناوبراو بڕیوەتەوە، ئەو كاتیش وا بووە دەبوایە چاوەڕێی مردنی فەرمانبەرێك بكەن، كە مرد پارەی ئەو ببێتە هی فەرمانبەرێكی تازە. لەو سۆنگەیەوە مەستی هەوڵی داوە مردنی كەسێك بكاتە دەرفەت بۆ خۆی. لە بەڵگەنامەیەكدا كە مێژووی 1276/5/6ی كۆچی لەسەرە، نامەیەكی مەستی ئەفەندی هەیە، لە نامەكەدا ناوبراو باس لەوە دەكات كە مانگانە مووچەكەی 150 قڕووشە و ئێستا بۆتە خاوەنی ماڵ و منداڵ و مووچەكەی هەر وەك خۆیەتی، وەك زانیویەتی كە خۆجە محەمەد ئەفەندی قوبڕسی لە مزگەوتی بایەزید وەفاتی كردووە، داوا دەكات كە لە مووچەكەی ئەو وا بكەن بەشێكی بخەنە سەر مووچەكەی من (A.}MKT.NZD. 297 - 21). وا دیارە ئەوسا مووچە زیاد نەبوو، مەگەر كەسێك وەفاتی كردبا و لە مووچەكەی ئەو هی هەندێكی تری پێ زیاد كرابا. دواتر لەسەر بنچینەی ئەو نامەیە نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی كراوە و ڕەزامەندی لەسەر ئەو زیادكردنە دراوە.

ئەوەی لەم بەڵگەنامەیە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە كە مەستی ئەفەندی لەم قۆناغەدا خاوەنی ژن و منداڵ بووە. ئەم قۆناغەش نزیكەی پێنج ساڵ بووە، واتە لەنێوان ساڵانی 1278-1283ی كۆچی بەرامبەر 1862-1867ی میلادی بووە.

## 3.3.2. لە مووسڵدا:

قۆناغی موسڵ قۆناغی مامۆستایەتیی ڕەسمیی مەستی ئەفەندییە دوای ئەوەی خوێندن لە ئەستەنبوڵ تەواو دەكات، لە 14ی ڕەمەزانی ساڵی 1283ی كۆچی بەرامبەر 8ی كانوونی دووەمی ساڵی 1282ی ڕۆمی بە مووچەی 225 قڕووش لە مەكتەبی ڕوشدییەی موسڵ بە مامۆستا دامەزراوە (DH.SAİDd. 76 - 79). ئەو ماوەیەی كە لە مووسڵ بووە بە گوێرەی نووسراوی كاتی خانەنشینبوونی، لە 8ی كانوونی دووەمی 1280- 14ی

مایسی 1289ی ڕۆمی (1865/1/20-1873/5/26ز) لە مەکتەبی روشدییەی موسڵ وەك موعەلیمی ئەووەل بە مووچەی 625 قڕووش دامەزراوە، ماوەی خزمەتی 8 ساڵ و 4 مانگ و 7 ڕۆژ بووە (ŞD.01109.00045.001).

## 4.3.2. لە کەرکووکدا:

مەستی هەر بە مامۆستایەتی لە 29ی مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی 1290ی کۆچی بە مووچەی 600 قڕووش لە هەمان ویلایەت کە موسڵە بۆ مەکتەبی ڕوشدییەی سنجاقی کەرکووك گواستراوەتەوە.[8] ئەو کاتەی کە لە کەرکووك بووە، بار و گوزەرانی باش نەبووە و بەو هۆیەوە داوای یارمەتی کردووە. لە بەڵگەنامەیەکدا لە جیاتی ناوی کەرکوك، ناوی شارەزوور هاتووە، تێیدا هاتووە کە رەسوول مەستی ئەفەندی موعەلیمی یەکەمی مەکتبەی ڕوشدییەی شارەزوور دووچاری خراپی گوزەران هاتووە و پێویستی بە یارمەتییە. نووسراوەکە وەزارەتی مەعاریف بۆ ویلایەتی بەغدای کردووە و مێژووی 1291/12/6ی کۆچی لەسەر نووسراوە (MF.MKT. 24 - 37).

ئەو ماوەیەی مەستی ئەفەندی لە کەرکووك بووە، چالاکیی نووسینیشی هەر بەردەوام بووە، بۆیە لەو قۆناغەدا لە ساڵی 1290 کتێبی (حوادث عناصر)ی ناوبراو بۆ چاپ دەچێ و چاپ دەکرێ (MF.MKT. 13 - 97).

بە هەمان شێوە بەڵگەنامەیەکی دیکە مێژووی 1291/11/22ی کۆچی بەسەرەوەیە، زەینەل ئەفەندی موعەلیمی دووەم لە مەکتەبی ڕوشدییەی شارەزوور لە بەردەمی رەسوول مەستی ئەفەندی دەستی لە کار کێشایەوە(MF.MKT. 23 - 73).

ماوەی خزمەتەکەی مەستی ئەفەندی لە کەرکووك لە 15ی مایسی 1289-4ی کانوونی دووەمی 1292ی ڕۆمی بەرامبەر (1873/5/27-1877/1/6ز) مامۆستای مەکتەبی روشدییەی کەرکووك بووە، بە مووچەی 600 قڕووش، ماوەی 2 ساڵ و 7 مانگ و 20 ڕۆژ خزمەتی کردووە(ŞD.01109.00045.001).

8 لە بەڵگەنامەیەکی سەربەخۆ ئەم زانیارییە پشت ڕاست کراوەتەوە و مێژووی 1290/11/22ی کۆچی لەسەرە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:
A.}MKT.MHM. 472 - 31

### 5.3.2 له بەسڕەدا:

له بەڵگەنامەیەکدا که مێژووی 1294/1/14ی کۆچی بەسەرەوەیە، تێیدا هاتووە مەکتەبی ڕوشدییەی شارەزوور موعەلیمی ئەووەل ڕەسوول مەستی ئەفەندی وەك مامۆستا بۆ مەکتەبی ڕوشدییەی شاری بەسره گواستراوەتەوە بە مووچەی هەزار قڕووش. ئەم بەڵگەیەش له بەشی وەزارەتی مەعاریفه(MF.İBT. 10 - 19).

ناوبراو له مەکتەبی ڕوشدییەی بەسره مووچەکەی 1000 قڕووش بووە، له 5ی کانوونی دووەمی 1292- 14ی شوباتی 1296ی ڕۆمی بەرامبەر (1877/1/7-1881/2/26ز) خزمەتی کردووە، ماوەی خزمەتی 4 ساڵ و 1 مانگ و 10 ڕۆژ بووە(ŞD.01109.00045.001).

دوای ئەو ماوەیە، بۆ ماوەیەك هیچ وەزیفەیەکی نییە، واته له 15ی شوباتی 1296- 17ی مایسی 1298ی ڕۆمی بەرامبەر (1881/2/27-1882/5/29ز) بۆ ماوەی 1 ساڵ و 3 مانگ و 3 ڕۆژ خاڵییە و وەزیفەی نییە(ŞD.01109.00045.001).



### 6.3.2. له وان دا:

له دوای بەسڕە و مانەوەی زیاتر له ساڵێك به بێ کاری فەرمانبەریی دەوڵەت، مەستی ئەفەندی ئەمجارە له ویلایەتی وان و له پشکنەرایەتی مەعاریفی ئەو شارە دادەمەزرێتەوە. له 18ی مایسی 1298 – 9ی تەمموزی 1301ی ڕۆمی، بەرامبەر (1882/5/30- 1885/7/21ز) بە مووچەی 1500 قڕووش، ماوەی خزمەتی 3 ساڵ و 1 مانگ و 22 ڕۆژ بووە(ŞD.01109.00045.001).

ئەو ماوەیەی که له شاری وان بووە، بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ نییە جێی باسکردن بێ.

### 7.3.2. گەڕانەوە بۆ موسڵ:

### 1.7.3.2 مامۆستای دارولموعەلیمین:

دوای زیاتر لە سێ ساڵ خزمەتکردن لە شاری وان، مەستی ئەفەندی دەگەڕێتەوە موسڵ و دەبێتە مامۆستای دارولموعەلیمین. ڕۆژی 1882/5/31 ی میلادی دەست بەکار دەبێت.

ئەو ماوەیەی مامۆستای دارولموعەلیمین بووە، زۆر چالاك بووە، بەو هۆیەوە کەسانێك هەبوونە دژایەتییان کردووە. لە بەڵگەنامەیەکدا کە نووسراوی فائیق مستەفای والیی موسڵە بۆ وەزارەتی مەعاریف و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ژمارەی 1494ی ڕۆژنامەی طریق نووسینێك دژی مامۆستای دارولموعەلیمینی ویلایەتی موسڵ بەڕێز ڕەسوول مەستی ئەفەندی نووسراوە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەم لەبارەی نووسینەکە و نووسەرەکەی کرد، بۆم دەرکەوت کە ئەمە دەیەوێ ئاژاوە و خراپەکاری بڵاوبکاتەوە، چونکە ڕەسوول مەستی ئەفەندی یەکێکە لە زانا پایەبەرزەکان و خاوەنی فەزڵ و کەماڵە و ئەو شتانە لەو ناوەشێتەوە. ئەم بەڵگەنامەیە مێژووی 1305/12/19ی کۆچی لەسەر نووسراوە(MF.MKT. 100 - 92).

ئەزموونی مەستی لە شاری موسڵ، وێڕای ناسراوی پێشتری لە ڕواندز و سلێمانی کە هەردووکیان سەر بە ویلایەتی موسڵ بوونە، ئەم جارەش بۆ جاری دووەم لە ناوەندی شار کار دەکات، بەمە ناو و ناوبانگە زانستییەکەی دەبێتە جێی ڕەزامەندیی والیی شارەکەش.

ماوەی خزمەتی ناوبراو لە دارولموعەلیمینی موسڵ لە 10ی تەمموزی 1301 – 27ی ئابی 1304 ی ڕۆمی بەرامبەر (1882/5/31-1888/9/8ز) بە مووچەی 1500 قڕووش بووە، 3 ساڵ و 1 مانگ و 18 ڕۆژ خزمەتی کردووە(ŞD.01109.00045.001). بەڵام (بۆ ئەوەی کورد و عەرەب هەر بە نەزانی بمێننەوە، دار ئەلموعەلیمینەکە بە بەهانەیەك تێکدرا و لەناوبردرا).(موکریانی، 2019: 348)٠

### 2.7.3.2. بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف:

لە 2ی موحەڕەمی ساڵی 1306ی کۆچی کە دەکاتە 1888/9/8ز گوازراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی موسڵ ( DH.SAİDd... 76 - 79). تا 7ی مایسی ساڵی1308ی ڕۆمی بەرامبەر 1892/5/19ی زایینی بە

مووچەی 2000 قڕووش بەردەوام بووە، واتە ماوەی خزمەتی 3 ساڵ و 8 مانگ و 10 ڕۆژ بووە(ŞD.01109.00045.001).

مەستی ئەفەندی ماوەیەك لە كار دابڕاوە، نازانرێ هۆكاری دابڕانەكەی چییە. ناوبراو لە 8ی مایسی 1308- 29ی تشرینی یەكەمی 1308ی ڕۆمی، ماوەی 5 مانگ و 22 ڕۆژ هیچ وەزیفەیەكی نییە.

لە 30ی تشرینی یەكەمی 1308- 25ی ئەیلولی 1312ی ڕۆمی بەرامبەر (1892/11/11-1896/10/7ز)لە بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی موسڵ، بە مووچەی 1500 قڕووش، ماوەی خزمەتی 3 ساڵ و 10 مانگ و 26 ڕۆژە (ŞD.01109.00045.001).

لەو قۆناغەدا مەستی ئەفەندی بەڕێوەبەرێكی چالاك بووە و زۆر كاری كردووە. لە بەڵگەنامەكاندا دیار دەكەوێت كە مەستی دوو جار بەڕێوەبەری مەعاریفی ویلایەتی موسڵ بووە، وەك لە بەڵگەنامەكانی پێشتر بە بەڕێوەبەری پێشووی مەعاریفی موسڵ ناوی هاتبوو. لە بەڵگەنامەیەكی دیكەدا نووسراوێكە بۆ وەزارەتی مەعاریف، تێیدا مۆری رەسول مەستی تێدایە و پلەكەی خۆی وەك بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ نووسیوە و تێیدا باس لە كاغەزی تاقیكردنەوەكانی مەكتەبی ڕوشدییەی موسڵ، سەلاحییە، كەركوك، سلێمانی، ئەربیل و ڕواندز دەكات. بەڵگەنامەكەش مێژووی 27ی رەبیعولئاخەری ساڵی 1313ی پێوەیە كە دەكاتە بەرامبەر 1895/10/16ی میلادی( MF.İBT. 50 - 40).

## 1.2.7.3.2. كار و خزمەتەكانی مەستی لە مەعاریفی موسڵدا

بێگومان لەنێو بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا ئاسان نییە كار و خزمەتەكانی بەڕێوەبەرێك بە وردی و بەداتا بدۆزرێتەوە، بەڵام بەهۆی كێشەی لەكارلادرانی مەستی ئەفەندی، ناوبراو لە 16ی كانوونی یەكەمی ساڵی 1314 ی ڕۆمی، بەرامبەر 1898/12/28ی زایینی وەك بەرگری لەخۆكردنێك نامەیەكی بۆ شوورای دەوڵەت نووسیوە و تێیدا هەموو چالاكی و خزمەتەكانی خۆی باس كردووە، كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

لە ویلایەتی موسڵدا شەش مەكتەبی روشدییە هەن و زانست و زانیاری لەپێشكەوتنێكی باش دایە و تەنیا لە یەك قوتابخانەی موسڵدا 260 قوتابی تێیدا

دەخوێنن. هەروەها لە دەوروبەری موسڵیشدا لە گوندی رافزی/ مەسیحی و شەبەکەکانیش دە مەکتەبی سەرەتاییم کردوونەتەوە و بۆ هەموویان بەتەواوی مامۆستام ناردوون کە وەعز و ئامۆژگارییان بکەن. هەر لەسەر ئەو بنەمایەوە لە هەر گوندێك بانگی موحەممەدی دەدرێ و پێنج نوێژی جەماعەتی تێدا دەکرێ. عەقیدەی ئەو خەڵکە ڕاست کراوەتەوە و پێکەوە منداڵەکانیانمان فێری قورئان خوێندن و نووسین کردووە.

لە موسڵ بەدووری چوار ڕۆژە ڕێ، لە گوندە وەحشیئاساکانی عەشیرەتی سندی و گوللی مەکتەبێکی سەرەتاییمان کردۆتەوە و هەروەها وەعز و ئامۆژگاری گوندەکانیانمان کردووە و منداڵەکانیانمان فێری ئاداب و قورئان خوێندن و خوێندنەوە کردووە، تەنانەت عەبدولرەحمان ئەفەندی یەکێك لەو زانایانەمان بۆ ئەوێ ناردووە بۆ ئەوەی ئامۆژگارییان بکات و فێری خوێندنەوەیان بکات.

لە گوندی یەزیدییە نامسوڵمانەکان و لە تەوافگای ئەولیای گەورە **شێخ عادی** مەدرەسەیەکمان کردۆتەوە. لەو مەدرەسەیەدا قوتابی زۆر هەن و **محەمەد ئەمین ئەفەندی** یەك لە زاناکانە بۆ ئەوێمان ناردووە.

هەر لە سەردەمی بەندەدا لە موسڵ مەکتەبی کچان کرایەوە و من بووم نووسراوم بۆ حکومەت کرد و ڕەزامەندی درا و چەند مانگی نەبرد دوو موعەلیممان نارده ئەوێ.

پوختەی قسان ئەوەیە من ژمارەی قوتابییانم لە مەکاتیبی روشدییەدا پێشخت و زۆر هەوڵ و کۆششم دا تا مەکتەبێکی ئامادەیی، دە مەکتەبی سەرەتایی، مەکتەبێکی کچانم کردەوە و بۆ ئەمەش هیچ درۆیەکی تێدانییە و شاهێتحاڵ زۆرن.

ناوبراو ناوی ئەو گوندانەشی نووسیوە کە مەکتەبی لێ کردۆتەوە:

گوندەکانی؛ شێخان، قەرەقوش، ئۆرمەی خراب، عومەر قۆچی، دەراوێش، ئەبوجربوعە، توبوزئاباد، گۆکجەلی، یارنجە، منارە.

هەروەها چوار مەکتەبی تریش یەکیان لە عەشیرەتی سندی گوللی، یەکێکیان بۆ عەشیرەتی ئێزیدییە نامسوڵمانەکان. مەکتەبێکی ئامادەیی لە موسڵ و مەکتەبێکی کچانیش. کە هەمووی دەکاتە چواردە مەکتەب(ŞD.02179.00014.002).

### 2.2.7.3.2. هۆکاری لادانی مەستی ئەفەندی لە بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ

لە بەڵگەنامەیەکدا فۆڕمێکی دەوڵەتی عوسمانی تایبەت بە لەکاردوورخراوەکان هەیە، مەستی ئەفەندیش ئەو فۆڕمەی پڕکردۆتەوە و مێژووی لەکارلادانی 24ی ئابی ساڵی 1313ی ڕۆمی نووسیوە کە دەکاتە بەرامبەر 1897/9/5ی زایینی. هەر لە فۆڕمەکەدا هۆکارەکەشی نووسیوە کە بە پاساوی تێکچوونی عەقیدەکەی و سووککردنی ئایین بووە و دواتر شوورای دەوڵەت لە 6ی نیسانی ساڵی 1316ی ڕۆمی بەرامبەر 1900/4/19ی زایینی بێتاوانییەکەی بە بڕیارێك دەسەلمێنێ(BEO 1836 - 137627). هەروەها لە نامەیەکدا بۆ بابی عالی کە مێژووی 1316/7/26ی کۆچی بەسەرەوەیە، ڕەسوول مەستی ڕوونکردنەوەیەکی درێژ لەسەر هۆکاری لادانی لە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ ڕوون دەکاتەوە کە ئەمە بوختەکەیەتی(ŞD. 2987 - 83): ناوبراو ئاماژە بەوە دەدا کە هۆکاری لادانەکەی، ئەحمەد فائیز[9]ی نائیبی موسڵ و وەکیلی والیی موسڵە، بەهۆی ئەوەی ناوبراو بوختانی پێ کردووە و بە دوو مادده بۆ وەزارەتی مەعاریفی لەسەر نووسیوە. مادده و بابەتی یەکەم ئەوەیە گوایا چاوپۆشیم لە قوتابیانی مەکتەبی ئەمریکاییەکان لە موسڵ کردووە. بابەت و ماددەی دووەمیش گوایە عەقیدەم تێك چووە و بەو هۆیەوە پێویستە لێکۆڵینەوەم لە بارەی ئایینمەوە لێ بکرێ.

لە نامەکەدا کە دوو لاپەڕە نووسینی وردە، زۆر بە وردی بەرگری لە خۆی دەکات و دەسەلمێنێ کە بوختانی پێ کراوە، بەوەی کە لەنێو دەوڵەتی



9 ناوی ئەحمەد فائیز کوڕی سەید مەحموود کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی سەید عەبدولسەمەدی کوڕی سەید حەسەنی گڵەزەردەیە، ئەویش نەوەی شێخ عیسایە کە باپیرە گەورەی سەیدەکانی بەرزەنجەیە. ساڵی 1258/ 1842 لەدایك بووە. قورئانی پیرۆز و چەند کتێبێکی فارسی و تەسریفی زەنجانی لای باوکی خوێندووە. دواتر لای مەلا غائیب ئەفەندی خوێندوویەتی، پاشان بۆ خوێندن چۆتە لای مەلا سەید مستەفای بەرزنجی، دواتر لای مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و پاشان لای مەلا ئەحمەد ئەفەندی پیرحەسەنی چاو مار خوێندوویەتی. ساڵی 1277 بۆتە مودەڕیسی مزگەوتی نۆدشەی سلێمانی. سالی 1294 بۆتە قازیی قەرەداغ. لە ساڵی 1297 بۆتە نائیب لە دەوروبەری بەغدا. لە ساڵی 1300 بۆتە نائیبی بەسرە. لە 1303 بۆتە نائیبی موسڵ و پاشان کراوەتە ئەندامی کۆڕی گەورەی زانیاری لە ئەستەنبوڵ. نزیکەی بیست کتێبی نووسیوە. زیاتر بە کتێبی (کنز اللسن) بەناوبانگە کە چەند هونەرکارییەکی سەیری بە چەند زمانێکی جیاواز تێدایە. ساڵی 1918 لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە. (بەحرکەیی، 2010: 137)

عوسمانیدا و لە ویلایەتی موسڵدا چل پەنجا ساڵە مەکتەب بۆ پرۆتستانەکان کراوەتەوە و سەر بە بەشی مەکاتبی نامسوڵمانانن لە وەزارەتی مەعاریف و هەر لەو وەزارەتەش مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە و تەنانەت بەرنامەی دەرسەکانیش دوو جار هەر لە لایەن وەزارەتەوە سەرپەرشتی کراوە و لیژنەی پشکنین دوو جار سەری لێ داون. ئەو مەکتەبانە سەر بە مەزهەبی پرۆتسانن و مسیۆنەرەکانی کڵێسای پرۆتسان سەرپەرشتی دەکەن نەك مەکتەبی ئەمریکییەکان بێ.

مسیۆنێرەکانی ئەمریکایی یەکەمجار تلکناس و دواتر تابییە هەردووکیان بۆ دامەزراندنی مەکتەب زۆر تکایان لێ کردین، بەڵام من نەمهێشت بیکەنەوە و ئێستاش پەڕاوی ئەو داوایانەیان لە مەعاریف پارێزراون. دە ساڵان ئەوانە هاتنە موسڵ و هەروەها چل ساڵ چاپخانەی فەڕەنسی و دۆمینکیان و مەکتەبەکانیان هەبووە و من لە دژیان لە 14ی شەوالی ساڵی 1312ی کۆچی داواکاریم بەرزکردۆتەوە و ئەو نووسراوە نووسراوەکەی نائیبی ناوبراو لە دژی من بەدرۆ دەخاتەوە.

باسی تێکچوونی عەقیدەم دەکات ئەو نائیبە، کەچی دانراوەکانی بەندە لە بواری عیلمی ئوصول ریسالەی اثبات واجب م نووسیوە و دەوڵەت خۆی چاپی کردووە و هەروەها لە بواری فەن و حیکمەت کتێبی حوادث عناصرم نووسیوە کە لە دیباجەی کتێبەکەدا بەڕوونی عەقیدەی خۆمی تێدا خراوەتە ڕوو.

هەروەها باس لەو بوختانەش دەکات کە ئەو کەسە شاهێدیی بەدرۆ لەسەر داوە، ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسە ناوی **عەبدولمەجید ئەفەندی** بووە لە گوندی شریخان، دوای سوێندەکە لە دادگا، گوتویەتی سوێند بەخوا هیچ شتێکی پێچەوانەی ئایینم لە مەستی ئەفەندی نەدیوە، بەڵام ئەم بەیانییە عەبدوڵڵا قەرەداغی هاوڕێی نائیب، کە نائیب بۆ لای منی ناردبوو، وتی ئەگەر دژی مەستی ئەفەندیی مودیری مەعاریف شایەدی بەدرۆ بدەی، ئەوا نائیب و وەکیلی والی هەولێی وەزیفەیەکی گەورەت بۆ دەدەن. پاش ئەو قسەیە ئیدی لە دادگا هاتبووە دەر.

لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوە داوە؛ ئەگەر ئەم داوا و نووسراوە بگەیەننە نائیبی ناوبراو و بۆ ویلایەتی موسڵی بنێرن، ئیدی هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە. بەم شێوەیە مەغدوورییەتنامەی خۆم دەخەمە بەردەم شوورای دەوڵەت و ئەمر و فەرمان هەر هی ئەوانە.


لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە تایبەت کراوە بە تەرخانکردنی مووچەی دوورخراوەیی لەسەر کار بۆ مەستی ئەفەندی، بە تێبینی هۆکاری لەکاردوورخستنەوەی نووسراوە، کە لە لایەن مسیۆنێرەکانی ئەمریکییەوە لە موسڵ بە بێ ڕێگەپێدان دوو مەکتەبیان کردۆتەوە و مەستی ئەفەندیش وەك بەڕێوەبەری مەعاریف چاوپۆشی لەو کارە کردووە و ئەو مەکتەبانە ئێستا 125 قوتابی کوڕ و کچیان هەیە. ڕاستی لەم کارەدا نەبووە و نافەرمانی کردووە و دواتریش بە تەلەگرافنامە ڕاپۆرتی لەسەر هاتووە کە عەقیدەکەی تێك چووە و لە پایەی دینی کەم کردۆتەوە. ئەم بەڵگەنامەیەش مێژووی 1318/2/28 بەرامبەر 1900/6/27ی زایینی لەسەر نووسراوە (ŞD.01109.00045.002).

### 3.2.7.3.3. داهێنانێکی زانستی و سەفەری میسر و پاریس

مەستی ئەفەندی ئەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ بووە، ئامێرێکی ڕاکێشانی ئاوی دروست کردووە کە بێ هەوا و بێ هەڵم کار بکات، بەڵام نرخیان بۆ داهێنانەکەی دانەنا (زکی،2005: 218) ، ئەگەر چی پێشتر ناوبراو لە فڕەنسییەوە هەندێ شتی وەرگێڕابوو، ئەم فڕەنسیزانینە و شارەزابوونەی لە بواری زەویناسی و فیزیا، وای کردووە کە دەوڵەت ئەو متمانەیەی لا دروست بێ کە ناوبراو شیاوی ئەوەیە تاقیکاریی زانستی دەست پێ بکات. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1317/7/27ی کۆچی بەسەرەوە، مەکتووبی قەلەمی سەدارەت نووسراوی بۆ وەزارەتی بەحرییە کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە ڕەسوول مەستی ئەفەندیی بەڕێوەبەری پێشووی مەعاریفی موسڵ بۆ ئەوەی تاقیکردنەوە لەسەر ئەوە بکات بەهۆی هەواوە ئاو لە قوڵاییەکانەوە دەربهێنێ، پێویستی بەوەیە شەش مانگ لە پاریس بمێنێتەوە. وەزارەتی تیجارەت و نافیعەی دەوڵەتی عوسمانیش ئاگاداری داهێنانەکانی ئەوە و بە نووسراوی ڕەسمی ئەمەی ڕاگەیاندووە(BEO.001410.105708.001). داهێنانەکەی مەستی ئەوە بوو لەو سەردەمەدا کەوتبووە فکری ئەوەی ماکینەیەکی ئاوی، کە لە ژووروی 43 مەتر ئاوی هەڵدێنجا بەبێ هێزی هەوا و هەڵم. لەم ئیختیراعەتەدا بەتەواوی سەرکەوت بۆ فرۆشتنی لە ڕێگەی میسرەوە چوو بۆ

پاریس، هەشت مانگان لەوێ و مانگێکیش لە ڤیەننا مایەوە و گەڕایەوە ئەستەنبوڵ(موکریانی، 2019: 348).

لە نامەیەکدا مەستی ئەفەندی کە لە ڕێکەوتی 11ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1315ی ڕۆمی کە دەکاتە 1899/10/23ی میلادی، بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیوە و تێیدا باسی لە داهێنانەکەی خۆی کردووە و تێیدا کارەکەی بە شێوەیەکی زانستیی ڕوون کردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەوەی کردووە کە دوو ساڵ لەوەو پێش ئەو پرۆژەیەی پێشکەشی دەوڵەتی فەڕەنسا کردووە و دیارە ئەوەش پێویستی بە پێنج سەد لیرە هەبووە و نەیبووە و گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ. ئێستاش بۆ ئەوەی داهێنانەکەی بێنێتە دی پێویستی بە مانەوەی شەش مانگە لە پاریس و خەرجیی ڕێگە و پارەی مانەوەیە. (BEO_001440_107944_002_002) و دواتر لەگەڵ نووسراوەکەدا وێنەی بەدەستکێشراوی ئامێری هەڵکێشانی ئاویشی هاوپێچ کردووە (BEO_001440_107944_003_001). دواتر چەند نووسراوێك لەسەر هەمان بابەت نووسراون و ڕەزامەندی لەسەر هاوکاریکردنی دەربڕدراوە.



BEO.001440.107944.003

مەستی ئەفەندی دوای نەمانی لە بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی موسڵ (بە چەند ساڵێك، چۆتە میسر و موددەتێك تیا دانیشتووە و بە جەوهەر و سەعی خۆی فێری زمانی فەڕەنگیش بووە و سیاحەتێکی لە ئەوڕوپادا کردووە)(زەکی بەگ،2005: 181). ئەو داهێنانەی لە بواری ڕاکێشانی ئاودا کردبووی لە نیشتمانی خۆیدا کەس نرخی نەزانی، بۆیە چووە میسر و داهێنانەکەی بۆ خدێوی عەباس حیلمی[10] پاشای میسر خستەڕوو، بەڵام لەوێش شتێکی بەدەست نەهێنا(الکردی، 2008: 200). هەروەها بۆ دروستکردنی ئەم داهێنانە لە ڕێگەی میسرەوە چووە پاریس و هەشت مانگان لەوێ و مانگێکیش لە ڤیەننا مایەوە و گەڕایەوە ئەستەنبوڵ. مەستی بە دواییدا کەوتبووە سەر خەیاڵی داهێنانی ئەوەی ڕووی زەوی هەمیشە ڕووناك بێ و تاریك نەبێ(موکریانی، 2019: 348) ، بۆیە هەمیشە لە هەوڵ و گەڕاندا بووە بۆ بەدەستخستنی پشتگیری، ئەو سەفەرانەشی لە بەڵگەنامەکاندا دەبینرێن. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك، وەکیلی خدێوی میسر لە 1315/6/9ی کۆچی بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ماوەیەك لە مەدرەسەیەك ماوەتەوە و دوای ئەوەی فەرمانی ئاگادارکردنەوەی ئێوە هات، بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو، زانیمان کە ناوبراو میسری بەجێ هێشتووە و چۆتە پاریس (DH.MKT.02086.00001.001). دواتر وەزارەتی ناوخۆ لە 1315/6/29ی کۆچی نووسراو بۆ ویلایەتی موسڵ دەکات و ئەو زانیارییانەی بۆ هاوپێچ دەکات (DH.MKT.02086.00001.002).

### 4.2.7.3.2. دووبارە داوای گەڕانەوە سەر کاری دەوڵەتی

هەر لەو ساوەی کە مەستی ئەفەندی لە کار دوورخراوەتەوە، ناوبراو لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە هەوڵی ئەوەی داوە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش نامەی پشتگیریی لە چەند دام و دەزگایەکی جۆربەجۆرەوە هێناوە. لە دۆسیەیەکی نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا 18 لاپەڕ تایبەت بەم بابەتە هەیە، تێیدا نووسراوێك هەیە زۆر پەسنی مەستی ئەفەندی تێدا هاتووە و ئاماژە بەوە دراوە کە ناوبراو خاوەنی فەزڵ و کەماله و خزمەتێکی زۆری لە

---

10خدێوی عەبباس حلمی (1874-1944ز) کوڕی تۆفیق کوڕی ئیسماعیلە، لە قاهیرە لەدایك بووە و لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە. بە خدێوی عەبباس حیلمی دووەم بەناوبانگ بووە. خدێوی میسر و شەشەمین حاکمی بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشا بووە. لە نێوان ساڵانی (1892-1914) حاکمی میسر بووە و نازناوی شێخ بووە. دواتر چۆتە ئەستەنبوڵ و پاشان لە ئەوروپا سەری نایەوە. (السید، 1990: 186)

مەکتەبی ئامادەییەکان کردووە و سوپاس و پێزانینی زۆری مامۆستایان و دەستەی کارگێڕیی ئەو مەکتەبانە هەیە دەرهەق بەو، ناوبراو داواکاریی گشتی لە ئەستەنبوڵ سەبارەت بەو ستەمەی کە لێی کراوە ئاگادار کردۆتەوە، تەنانەت دەوڵەت ئاگاداربووە کە ناوبراو چۆتە میسر و دواتر چۆتە پاریس ئەو کاتیش وەزارەتی دەرەوە ئاگادار بووە. ئەو وەزیفەکەی خۆی زۆر بە باشی جێبەجێ کردووە و ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە لە بەرەوپێشبردنی مەعاریف لە ویلایەتەکەدا(ŞD.02179.00014.005). هەر لەو بارەوە ئەبوبەکر حازم والیی موسڵ نووسراوێکی لە 16ی صەفەری ساڵی 1319 ی کۆچی بۆ وەزارەتی مەعاریف کردووە و تێیدا زۆر بە دوور و درێژی، بە باشە وەسفی ڕەسوول مەستی ئەفەندی کردووە و باسی ئەو پێشکەوتنانەی ویلایەتەکەی کردووە لە بواری مەعاریفدا هەمووی لە شان وشکۆ و شارەزایی و ماندوویی مەستی ئەفەندیدا زانیوە( [1] .(ŞD.02179.00014.006

وا دیارە دوای چەند ساڵ لەسەر لەکاردوورخستنەوەی مەستی ئەفەندی، ناوبراو هەوڵی ئەوە دەدا بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، دوای ئەوەی شووورای دەوڵەت بێتاوانیی ناوبراوی بە بڕیارێك سەلماند، وەزارەتی مەعاریف لەبەر پێویستیی شارەزایی ناوبراو بۆ مەعاریفی ویلایەتی دیاربەکر، بڕیاری ئەوە دەدات کە دووبارە ناوبراو بگەڕێنێتەوە سەر وەزیفە و لە بەڵگەنامەیەکدا وەزیری مەعاریفی گشتی بۆ سەدارەت نووسراوێك دەنووسێ و داوای ڕەزامەندیی بابی عالی دەکات بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ڕەسوول مەستی ئەفەندی لە ویلایەتی دیاربەکر، کە پێی وایە مەستی ئەفەندی لە ئەربابەکانە و شایانی ئەو خزمەتەیە، بۆیە پێشنیازی ئەوەیان کردووە بە مووچەی مانگانەی 1800 قڕووش لەو بەڕێوەبەرایەتییە دابمەزرێ. ئەم نووسراوەش مێژووی 1319/12/30ی کۆچی بەسەرەوەیە(BEO 1836 - 137627). هەر لەنێو ئەم دۆسیەیەدا و لەو فۆرمەی کە تایبەت بووە بە لەکاردوورخراوەکان و ناوبراو پڕی کردۆتەوە، لە بڕگەی هۆکاری لەسەرکارلادانی ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەی سێ ساڵە بێ کارە و لە کاری خۆی دوورخراوەتەوە و داوا دەکات کارێکی پێ ڕەوا ببینن.

لە بەڵگەنامەیەکی تردا دیار دەبێت کە هەر یەك لە بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ ڕەسوول مەستی ئەفەندی و بەڕێوەبەرانی مەعاریفی دیاربەکر و سیواس داوای دووبارە گەڕانەوە سەر کار دەکەن. ئەم بەڵگەنامەیەش

مێژووی 1325/1/8ی کۆچی لەسەر نووسراوە ( MF.MKT. 979 - 24).

## 4.2. خێزان و منداڵەکانی

ئەوەی دەزانرێ دوو لە کوڕەکانی ڕەسوول مەستی ناویان ڕەشید مەستی و عەبدولمەجید بەرقی (1878-؟)[11] بووە، یەکەمیان سەردەمێك بەڕێوەبەری شارەوانیی سلێمانی بووە. (بابان، 2012: 182) ئەوەی دووەمیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا فەرمانبەر بووە و بەڵگەنامەیەکی زۆر لەبارەیەوە هەیە. هەرچی سەبارەت بە ژن و کچەکەیەتی، لە بەڵگەنامەکاندا ناوی خێزانەکەی بە خەدیجە و ناوی کچەکەی بە عەتییە دەهێنرێ. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1327/5/27ی کۆچی لەسەر نووسراوە، باسی ئەوە دەکات کە عەتییەی کچی و خەدیجەی خێزانی خوالێخۆشبوو ڕەسوول مەستی مووچەکەیان لە ویلایەتی موسڵەوە بدرێتێ، لەسەر بنچینەی لیستی خانەنشینەکەی کە 435 قرووشە. ئەم نووسراوە هی وەزارەتی کاروباری خانەنشینانە و مێژووی 12ی جەمادی یەکەمی ساڵی 1327ی بەسەرەوەیە(ŞD.01094.00014.001).

## 5.2. کۆچی دوایی



بە ڕوونی ڕۆژ و مانگی کۆچی دواییەکەی مەستی ئەفەندی لە سەرچاوەکاندا باس نەکراوە، لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1325/12/5ی کۆچی لەسەر

---

11عەبدولمەجید بەرقی کوڕی ڕەسوول مەستی لە بەگەکانی کوردە و لە سولالەی چوتانلی یە. ساڵی 1289ی کۆچی، بەرامبەر 1872-1873ی میلادی لە ویلایەتی موسڵ لەدایك بووە. لە مەکتەبی ڕوشدییەی سلێمانی خوێندوویەتی و دەرسەکانی تەواو کردووە بەڵام نەیتوانیوە بڕوانامە وەربگرێ. لە ویلایەتی موسڵ لە مەکتەبی دۆمینیکان و فڕەنسییەکان خوێندوویەتی و عەرەبی، فارسی، تورکی و فڕەنسی بە قسەکردن و نووسین و زمانی کوردیشی بەقسەکردن زانیوە. لە ساڵی 1305ی ڕۆمی چۆتە مەکتەبی فنوونی مولکییە و تا پۆلی سێ بەردەوام بووە و دواتر وازی هێناوە. وتاری لە ڕۆژنامەی موسلیمی شاری بۆمبای هیندستان بڵاوبۆتەوە. لە 21ی شەووالی ساڵی 1317ی کۆچی کە دەکاتە بەرامبەر 1900/2/22 بە ڕۆژانەی 20 قڕووش لە دیاربەکر بۆتە فەرمانبەر. دواتر بە مووچەی 1125 قڕووش لە ویلایەتی وان، لە سەنجاقی هەکاری لە بەڕێوەبەرایەتی تەحریرات دامەزراوە. لە 1907/9/17 لە دیاربەکر دەستی لە کار هەڵگرتووە و ڕۆژی 5ی ڕەمەزانی هەمان ساڵ لە هەکاری دەست بەکار بووە. هەر لەبەر لێهاتوویی و خزمەتە باشەکانی لە کاری فەرمانبەریدا، لە هەر یەکە لە ئەنجومەنی ویلایەتی دیاربەکر و ئەنجومەنی سەنجاقی هەکاری سوپاس و پێزانینی بۆ نێردراوە. لەبەر شارەزابوونی لە کاروباری سیاسیدا، حکومەتی مەشرووتییەی عوسمانی بە گونجاوی زانیوە ناوبراو لە شارەکانی خوی و سەلماس بکاتە فەرمانبەری شابەندەر لە وەزارەتی دەرەوە. هەندێ لە بۆچوونەکانی بۆتە جێی ڕەخنەی عوسمانییەکان، بە گوێرەی بەڵگەنامەکان چەند بەرهەمێکی نووسیوە، بەڵام تا ئێستا هیچیان دیار نین و ناوبراو لە دوای خانەنشینبوونیشی لەبەر لێهاتوویی لە کارەکانیدا، ڕەزامەندی درا لە سنجاقی سینۆپ لە 24ی تەمموزی ساڵی 1329ی ڕۆمی لە ویلایەتی قەستەمموونی دەست بەکاربێتەوە. تا ساڵی 1918ش لە ژیاندا بووە و ناشزانرێ کەی و لە کوێ وەفاتی کردووە (DH.SAİDd.00171)

نووسراوە کە دەکاتە 1908/1/9ی میلادی بەردەوامیی مووچەی خانەنشینەکەی ناوبراو جەخت لێ دەکاتەوە. کەواتە تا ئەم مێژووە ناوبراو لە ژیاندا بووە. پاشان هەر لەو بەڵگەنامەیەدا مێژووی کۆچی دواییەکەی دیارکردووە کە لە نەخۆشخانە لە ڕۆژی 31ی تەممووزی ساڵی 1324ی ڕۆمی بووە (MF.MKT.01034.00047.002). ئەم مێژووە دەبێتە 1908/8/13ی میلادی.

## 3. بەرهەمەکانی ڕەسوول مەستی:

### 1.3. کتێبەکانی

سەرچاوەکان باس لە چەند کتێبێکی مەستی ئەفەندی دەکەن، (ئاثاری علمییە و فەنییەی زۆرە، بەڵام ئەوەی مەطبووع و بینراوە (حوادث عناصر) و (سپر زلزلە)یە) (زەکی بەگ، 2005: 181) ، دیارە هەر ئەم دووانەش لە نێو ئەرشیڤخانەی عوسمانیدا بە چاپکراوی دۆزرانەوە، کۆی بەرهەمەکانی وەك کتێب بریتین لە:

حوادث عناصر: ئەم کتێبە لە بواری فیزیایە و باس لە چەند دیاردەیەکی کەش و هەوا و چەند مەسەلەیەکی زانستی وەك بەفر و تەزرە و چەند دیاردەیەکی تر دەکات. کتێبەکە 60 لاپەڕەیە و لە چاپخانەی عامرە لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی 1290/ 1873 چاپکراوە. نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەدا هەر بە زمانی عەرەبی باسی ئەوەی کردووە کە دەکرا ئەم کتێبەکە زۆر لەو قەبارەیە گەورەتر بوایە، بەڵام کێشانی وێنەکان زیاتر لە دە هەزار درهەمی تێدەچوو و ئەو پارەیەشم لا نییە، باش بوو کە دەوڵەت دوو هەزار نوسخەی لەم نامیلکەیە چاپ کردو و هەزار و چوارسەد دانەی گەڕاندەوە بۆ مەعاریفی دەوڵەت و چوارسەد دانەیشی دا بە ئێمە وێڕای ئەوەی حەقیماندوبوون و نووسینەکەیشمان وەرگرت. ئەم کتێبەش لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی ئەتاتورکی ئەرزەڕۆم بە ژمارە (0105198)وێنەکەی پارێزراوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی سەرەوە، لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا دەربارەی چاپکردنی ئەم کتێبە چەند بەڵگەنامەیەك هەن، گرنگترینیان ئەوەیە لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1290/8/14ی کۆچی پێوەیە، وەزارەتی مەعاریف داوا لە چاپخانەی عامرە دەکات، سەبارەت بە چاپکردنی کتێبی حوادث عناصر پێویستە دوو هەزار دانەی لێ چاپ بکەن و 600 دانەی بدەنە نووسەرەکە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە پارەی فرۆشتنەکەی خەرجی

چاپەکەی لێ بگێڕنەوە. نووسەر شایانی لوتف پێکردنە و مەجلیسی مەعاریفیش ئەو بڕیارەی داوە(MF.MKT. 13 - 97).

نامەیەکی دیکەی وەزارەتی مەعاریف بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی عامرە لە 1290/11/9ی کۆچی هەیە، تێیدا داوا لە چاپخانەکە کراوە، کتێبی حوادث عناصر ناوی ئەو کتێبەیە کە چاپ دەکرێ، بڕیار وابوو وەك پاداشت 600 دانە بدرێتە نووسەر جا بۆ ئەوەی ناوبراو سوودی لێ ببینێ چونکە ئەو کەسێکی ئەرباب و خاوەن فەزڵ و هونەرە و پێویستیەتی، بۆیە دوو سەد دانەی تریشی بدەنێ، دوای ئەوەی کە چاپخانە 1400 دانەی بۆ دەمێنێتەوە، هەر دانەی بە سێ قڕووش بفرۆشرێ بە تێکەڵی خەرجی چاپەکە کۆدەکرێتەوە (MF.MKT. 16 - 48).

سپر زلزلة: ئەم کتێبە بە زمانی تورکییە و باس لە بوومەلەرزە و هۆکارەکانی و زیانەکانی دەکات و بە شێوەی هێلکاری چەند لایەنێکی بوومەلەرزە لە ڕووی زانستییەوە شیدەکاتەوە، تەنانەت بۆ بەرگرتن لە بوومەلەرزە و خۆپاراستن لێی چەند پێشنیازێك دەکات ئەم ریسالەیە لە وەزارەتی مەعارف بە ژمارەی 481 لە ساڵی 1319 لە ئەستەنبوڵ لە چاپخانەی ئەختەر چاپکراوە. ریسالەکە 48 لاپەڕەیە. د .نوح ارسلان تاش تەواوی مەتنی ریسالەکەی خستۆتە سەر ئەلفبای لاتینی(ARSLANTAŞ,2007:129-168). لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1319/4/9ی کۆچی لەسەر نووسراوە، ئاماژە بوە دراوە کە ڕەسوول مەستی ئەفەندی بەڕێوەبەری پێشووی مەعاریفی موسڵ کتێبی سیر زلزلەی چاپ کردووە و نوسخەیەکی بۆ مابەینی هومایۆن جەنابی مولوکانە و سەردەفتەر ناردووە (MF.MKT. 570 - 39).

**تشریح الادراك فی تشریح الافلاك:** ئەم کتێبەی لە ئەثنای تەحصیلی لە ڕواندوزدا یەکەم ئەثەریەتی(زەکی بەگ، 2005: 181). بەڵام ئەمەشیان هەر نادیارە و پێشتر لە چەند بەڵگەنامەیەك ڕاستیی ئەم کتێبە ڕوون کراوەتەوە.

**رسالة اثبات الواجب:** ئەم ریسالەیەش لە زانستی کەلامە و تا ئێستا نوسخەی دەست نەکەوتووە، ئەم بەرهەمە و بەرهەمی تشریح الافلاك لە بەرهەمی سەرەتای ژیانی نووسینی مەستیین و لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 1276/4/3 ی کۆچی بەرامبەر 1859/10/31ی لەسەر نووسراوە، چەند

نووسراوێکی ڕەسمی هەن، تێیدا ئاماژە بەم دوو بەرهەمە دەکەن و دەوڵەتی عوسمانی لە بەرامبەر ئەو دوو بەرهەمەدا بڕی 150 قڕووشی مووچەی مانگانەی بۆ دەبڕێتەوە (İ..MVL. 423 - 18572).

کتێبێك لەبابەت ئەندازیارییەوە: ئەم کتێبە تا ئێستا دیار نییە و سۆراغەکەی نازانرێ، ئەوەندە هەیە بەڵگەنامەیەك کە مێژووی 1278/2/25ی کۆچی لەسەر نووسراوە، بەشی قەڵەمی موهیممەی ئاسەفی نامەی بۆ مستەفا پاشای قائیمقامی سلێمانی ناردووە و ئەوەی باس کردووە کە لە زانایانی سلێمانی ڕەسوول مەستی ئەفەندی لە بواری زانستی هەندەسەوە ریسالەیەکی داناوە، ناوبراو لە دارایی ناوچەکە هەزار قڕووشی پێ بدرێ و ئەمەش ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی لەسەر وەرگیراوە(A.}MKT.UM.. 495 - 94).

کتێبێك لە وەڵامی بۆچوونەکانی پاپای دیانەکان: ئەم کتێبەش تا ئێستا دیار نییە و تەنیا لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژەی بۆ کراوە، مێژووی 1277/2/29ی کۆچی کە دەکاتە 9/16/ 1860ی لەسەر نووسراوە و ئەو کاتە مەستی ئەفەندی لە ڕواندوز بووە. بەڵگەنامەکە لە قەڵەمی موهیممەی بابی ئاسەفەوە بۆ قائیمقامییەتی ڕواندز نێردراوە و تێیدا هاتووە کە مەستی ئەفەندی ریسالەیەکی نووسیوە و لەبەر چاپە کە وەڵامێکە بۆ قەشەیەك کە لە بارەی شتە حەرامکراوەکان کتێبێکی نووسیوە. لە بەلگەنامەکەدا پەسنێکی زۆری مەستی ئەفەندی کردووە کە کەسێکی بە هیممەت و غیرەتە و توانیویەتی ئەو بەرهەمە بنووسێ(A.}MKT.MHM. 195 - 38).

حیکمەتی طەبیعەت: ئەوەی ئەم کتێبە لە کتێبەکانی تری مەستی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە بە کوردی نووسراوە "کتێبی بووە بە کوردی (نازانرێ چیی لێهاتووە) کە ناوی (حکمت طبیعت) بووە (هاوار، 2007: 289)".

کتێبێك لەبارەی زانستی فیزیاوە: ئەم کتێبە ئەگەر چی نادیارە، بەڵام بەڵگەنامەکان ئاماژە بە هەوڵی ناوبراو دەدەن لەو بارەوە (لە بابەت فیزیکەوە کتێبێکی تەئلیف کردووە و پێشکەشی سوڵتان عەبدولعەزیزی کردووە، لە بەرامبەر ئەوەدا خەڵات کراوە)(موکریانی، 2019: 348).

**علم الهیئة**: ئەم کتێبەش لە بواری ئەستێرەناسی و گەردووناسییە، بەڵام تا ئێستا دیار نییە و تەنیا گیو موکریانی ناوی هێناوە.

جوغرافیا: هیچ زانیارییەکیش لەبارەی ئەم بەرهەمە نییە، تەنیا گیو موکریانی ناوی هێناوە.

### 2.3. شیعر
### 1.2.3. شیعری سەربەخۆ

تا ئێستا لەبارەی شیعرە کوردییەکانییەوە لەو دوو شیعرەی کە گیوی موکریانی بڵاوی کردۆتەوە و لەگەڵ ئەو وەڵام و وەڵامکارییەی لەگەڵ شێخ ڕەزا بترازێ، هیچ شیعرێکی تری نەماوە. هەر دوو شیعر هەمان شێوازی شیعری کۆتایی سەدەی نۆزدەی کوردیی ناوەندیان هەیە و ڕەچاوی سەروای یەکگرتوو و کێشی عەروزیان کردووە و لە کۆتایی شیعرەکەشدا مەخلەسی (مەستی) نووسیوە. دوو شیعرەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**(1)**

*بۆ کوشتنی شەیدایان هەر لەحزە موهەییایە*
*ئەی دڵ حەزەری لێکە بێ خەوف و موحەبایە*

*وا مەستە دەڵێن چاوی ببینە چ هۆشیارە*
*بۆ صەیدی دڵی عاشق تیری لە کەمان دایە*

*کەڵکی چییە ئەم ڕۆحە هەر لەحزە ئەگەر نەیکەم*
*قوربانی قەد و باڵای ئەو دلبەرە ڕەعنایە*

*باعس بە فیراقی یار هەر تەعنەیی ئەغیارە*
*کوێر بن، هەموو مەحرووم بن، لەو بەزم و تەماشایە*

*نەزم و غەزەلی **مەستی** شایستەیی تەحسینە*
*مەوزوون و تەڕ و شیرین، دڵجوو و دڵئارایە*

(2)

*ڕەقیبی بەدلیقا یاڕەب ئەسیری دەردی میحنەت بێ*
*قتادەی بەحری غەم دووچاری گەردابی مەشەققەت بێ*

*بە ئوممێدی مرووەت بی نەسیبکەی عەبەس چونکە*
*لە دنیا هیچ کەس نەیدیوە [کە] بەد ساحب مرووەت بێ*

*ئیلاهی کوێر ببن جوملەی ڕەقیبان یەك بە یەك تاکەی*
*ئەسیری ناری فیرقەت بم، دەمێ با وەقتی وەسڵەت بێ*

*هەناسەی ساردی من دوژمن لە چاو و جێ و ماڵی کا*
*لەژێر باری نەهاتی دارزێ، ژیانی بە سەخڵەت بێ*

*ڕەقیبی سەگ سیفەت چاری بە نان و دەرزییە* ***مەستی***
*عیلاجی دوورکوننددەی هەر ئەوە با تووشی زەحمەت بێ* (موکریانی، 2019: 348).

## 2.2.3. تاکە شیعر و شەڕەشیعری لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

بە هۆی دیوانەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەو پەیوەندییەی مەستی و شێخ ڕەزا ئاشکرا دەبێت، کە هەر جارێك ناوی مەستی لە دیوانەکەیدا هاتبێت، هەجووی کراوە و هەرگیز پەسنی نەدراوە. ئەگەر چی ڕەسوول مەستی دەکاتە باپیری تۆفیق وەهبی بەگ لە دایکەوە، ئەو گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە مەبەستی شێخ ڕەزا ڕەسوول مەستی بووبێ، بەڵکو مەبەستی مەستییەکی تر بووە. دەڵێ: شێخ ڕەزا لەگەڵ باپیرمدا ڕەسوول مەستی کە ئەوسا مودیری مەعاریفی ویلایەتی موسڵ ئەبێ، زۆر ناڕێك دەبن، باپیرم زۆر پیاوێکی ئاییندار و پاك بوو، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە شێخ ڕەزا لە شیعرێکیدا وتبووی:

گەر نەکا مەستی ئەفەندی تەرکی تلیاکی لەعین

فێری سێ بەزمی ئەکا پژمین و کۆکین و تڕین

لە هەولێر کابرایەك هەبووە ناوی "مەستی" بووە و لەوێ کاتبی تەحریر بووە و هەمیشە تلیاکی کێشاوە. کە خەڵك گلەییان لە شێخ ڕەزا ئەکرد کە تۆ چۆن بە مەستی ئەفەندی مودیری مەعاریفی ویلایەتی موسڵ دەڵێی تلیاککێش؟ لە وەرامدا ئەیوت من مەبەستم لە مەستی ئەفەندیی کاتبی تەحریری هەولێرە (هاوار، 2007: 143). ئەم مەستی گۆڕینەی شێخ ڕەزا لە چوارچێوەی هونەری شیعری توانج پۆشی بووە و وەك هونەرێکی شیعری و خۆدەربازکردن بووە لە قسەی خەڵکی، کە لە دیوانەکەیدا بۆ شێخ حەسەنی مامی و خەڵکی تریش ئەو شێوازەی بەکارهێناوە.

تۆفیق وەهبی لە گومانەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: باپیرم کە باوکی دایکی بە مەستی بەگ بەناوبانگ بووە، مدیری مەعاریف بووە لە مەرکەزی مووسڵ کە ئەوسا ویلایەتی مووسڵیان پێئەوت. مەستی بەگ دەستێکی شکاو بوو و هەر بە یەک دەست ئیشی کردووە، کتێبی بووە بە کوردی (نازانێ چیی لێهاتووە) کە ناوی (**حکمت طبیعت**) بووە؛ لە فەلەکیات و ڕیاضیاتدا زۆر شارەزا بووە. وتی: شێخ ڕەزا زۆر ڕقی لە باپیرم بوو. سەیر ئەوەیە "مەستی" ناوێک کە ناوی مەستی ئەفەندی بووە، عەرەقخۆر و سەرخۆشێکی زۆر سەیر بووە، هەتا ئەڵێ کە سەرخۆش ئەبوو، هەزار جنێوی ئەدا بە خەڵک و بەژنەکەشی؛ شێخ ڕەزا، لەجیاتی مەستی بەگ کە مەقسەدی شێخ ڕەزا بووە، بە ناوی ئەو مەستی ئەفەندییەوە ئەو جنێوانەی داوە کە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا هەیە. مەستی بەگ، زۆر موتەدەین بووە و نە تلیاک و نە مەشرووبی خواردۆتەوە (هاوار، 2007: 519).

لە شوێنێکی دیکەشدا ئەم جۆرە شەرمنییە بە تۆفیق وەهبییەوە دیارە و وا خوویا دەکات کە لەبەر جنێو و هەجووەکانەوە حەز نەکات لەگەڵ باپیری بێ. بۆ وێنە د.کەمال فوئاد لە گۆڤاری هێڤی بە بۆنەی کۆچی دوایی تۆفیق وەهبی وتارێکی نووسیوە، تێیدا هاتووە: جارێکیان لێم پرسی: مامۆستا، من وەکو بیستوومە باپیرتان لە دایکەوە مەستییە فەندی پیاوێکی زانا و بێ وەی بووە، ئەبێ چیی کردبێت کە شێخ ڕەزای بەو جۆرە لە خۆی ورووژاندووە! وتی: جا توخوا پیاو دەم ئەخاتە دەم جنێوفرۆشێکی وەك شێخ ڕەزاوە! باپیرم حەزی لە شەڕەجنێو نەکردووە. پاشان وای پیشان دا کە ئەبێت شێخ مەبەستی لە مەستییەکی تر بێت، کە هەر لەو سەردەمەدا ژیاوە. ئەمجا وتی: فەرموو، ستایشەکەی ئەحمەد پاشای بابان بخوێنەوە، توخوا ئەمە ستایشە!

هیچ دەنگم نەکرد، بەڵام ئەمزانی کە شێخ ڕەزا ڕاست مەبەستی لە مەستییە فەندی باپیری مامۆستا وەهبی بووە (فوئاد، 1984: 17-19).

بە چەند بەڵگەیەك دەسەلمێنرێ کە مەبەستی شێخ ڕەزا، ڕەسوول مەستی بووە، لەوانە:

ناوی مەجیدی کوڕی دەهێنێ، ئەمەش بە بەڵگە سەلمێنراوە کە کوڕێکی ڕەسوول مەستی ناوی عەبدولمەجید بووە.

هەروەها باس لە دەست شکانەکەی دەکات و ئەمەش ڕوونە کە مەستی دەستێکی گۆج بووە و هەر بە دەستێك کاری کردووە.

هەر لە بارەی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان و دروست بوونی شیعر لەو پەیوەندییەدا، (گوایە جارێکیان شێخ ڕەزا لە سلێمانی ئەبێت، ئەچێت بۆ ماڵی مەستییە فەندی، ئەڵێن لە ماڵ نییە. ئەویش وا تێئەگات لە ماڵە و نایەوێت بیبینێت. لەسەر خواجانشینەکەی بەر ماڵیان دائەنیشێ، شتێك ئەنووسێت و ئەڵێت: باشە کە هاتەوە ئەم نامەیەی بدەنێ! نامەکەش بریتی ئەبێت لە هەجووە بەناوبانگەکەی، کە بەم جۆرە دەست پێ ئەکات:

*دەستێکی هەیە مەستییەفەندی لە کەرەم دا*
*میوانی عەزیزی هەیە دائیم لە حەرەم دا*

*ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان*
*سەد... بە ڕۆم داوە، هەزاری بە عەجەم دا*

وەك من بیستوومە مەستییەفەندیش حەزی لە شەڕەشیعر کردووە. ئەڵێن جارێکیان لە مەجلیسێکدا ڕوو ئەکاتە شێخ ڕەزا و ئەڵێت:

*بۆ شۆڕشێ ئەستۆم دەخورێ شەڕ ئەفرۆشێ*
*با بێتەوە مەیدانی قسە گەر هەیە مەردێ*

شێخ ڕەزاش دەم و دەست بەم فەردە وەڵامی ئەداتەوە:

*من داکی هەزاری وەکو تۆم .... بە فەردێ*
*نەتبیستووە ضرب المثل سەد قەل و بەردێ.*

لە یەکێك لە هەجووەکانی شوکری فەزڵی (1870-1926) ش دا ئەم فەردە ئەهێنێتەوە یاد، کە ئەڵێ: هەر وەکو مەستیم بە فەردی.... خوا رۆحم بەرێ مولحیدی کافر مەزەبگەر تۆش بە ئەو مولحەق نەکەم (فوئاد، 1984: 17-19).

لە شیعرێکدا شێخ رەزا گاڵتە بە بەرهەمێکی مەستی دەکات لە بواری زانستی هیأت ەوە و دەڵێ:

*مستی و داعیەء حکمت (هیئت) هیهات!*
*برندارند به یك دست دو تا خر بزەرا*

واتە: مەستی و لافی زانستی فەلەکییات لێدان؟ بەڵام ئەوە دوورە، مەحاڵە بە یەك دەست دوو شووتی هەڵناگرن (مستەفا، 2010: 424).

دیارە مەستی شیعری تری لە دژی شێخ رەزا نووسیوە، شاعیرێکی وەك شوکری فەزڵی ئەمەی لە شیعرێکی هەجوودا بۆ شێخ ڕەزا باس کردووە، کاتێك دەڵێ:

مەستی فیعلەن دایکی گای، ئەم سیررە با ئەفشا نەکەم

بۆچ ئەکەی هەجووم، بەڵێ، تۆ شێخی، هەجوت با نەکەم (تاقانە، 2010: 264).

لە شیعرێکی دیکەدا بەتەواوی دڵنیادەبینەوە کە مەبەست ڕەسوول مەستییە نەك مەستییەکی تر، چونکە باسی چوونی لە کەرکووکەوە بۆ بەسرە دەکات، کە ئەو سا مەستی ئەفەندی لە مەکتەبی روشدییەی کەرکووکەوە بۆ روشدییەی بەسرە گوازرابوویەوە:

لێرە.... ژنەکەی مەستی ئەفەندیی بەسرە

ئێستە بۆ بەسرە دەچێ بەعدە خەرابولبەسرە (مستەفا، 2010: 125).

لە شیعرێکی تردا هەجووی شوکری فەزڵی دەکات و بە پوورە شوکری ناوی دەهێنێ و لە شیعرەکەدا جارێکی تر ناوی مەستی دێنێتەوە و دەیخاتە بەر جنێوەکانی خۆی:

*هەر وەکوو مەستیم بە فەردێ گا، خوا ڕۆحم بەرێ*
*مولحیدی کافر مەزەب گەر تۆش بە ئەو مولحەق نەکەم*

*من دەزانم کێ لە خشتەی بردوویی ئەمما چ سوود*
*سەبیدە، سەبید، قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم* (مستەفا، 2010: 84).

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا، هەر لە دێری یەکەمەوە تایبەتی کردووە بۆ مەستی ئەفەندی:

*دەستێکی هەیە «مەستی» ئەفەندی لە کەرەمدا*
*میهمانی عەزیزی هەیە دائیم لە حەرەمدا*

*ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان*
*سەد ... بە ڕۆم دا و هەزاری بە عەجەم دا*

*هێند ... هەتیوانی بە ... چووە داکی*
*دەستێکی شکابوو بە مناڵی لە شکەمدا*

*بەر زەربەتی کامەك... قەوی کەوتووە ئاخۆ*
*بەو دەردە چووە ساعیدی «مەستی» لە ڕەحەمدا*

*حەققا کە «مەجیدی» کوڕی زۆر تەبعی جەوادە*
*سەد گ... بەیەک لەحزە بە بێ پوول و درەم دا*

*گەوودا و تەرەس، مولحید و بێ دین و مونافیق*
*مورتەددە، نییە میسلی لە مسقۆف و عەجەمدا*

*بۆ سەددی ڕەهی «مەستی»وەکو تەپڵی سکەندەر*
*ئاوازی دەهۆڵی .... داکی لە حەرەمدا*

*ئەو ك.... زلەی کێ بوو لە کێلانی فەتاح بەگ*
*مشتێکی کوتایە کو...، مشتێکی لە دەم دا* (مستەفا، 2010: 31).

لە بەشە فارسییەکەی دیوانی شێخ ڕەزادا، شیعرێك بۆ مەلا رەسوول ناوێك نووسراوە، بێ ئەوەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە ژیانی ئەو مەلا ڕەسوولە ڕوون بکەنەوە. بە بۆچوونی ئێمە ئەم مەلا رەسوولە خودی مەستی

ئەفەندییە، بە بەڵگەی ئەوەی مەستی ئەفەندی دەستێکی گۆج بووە، شێخ ڕەزاش لە شیعرەکەدا ئاماژە بە یەك دەستییەکەی ئەو دەدات:

ملا رسول

*در برابر نشستی غول استی*
*یا جناب ملا رسول استی*

*بادو دستت همی زدم به زمین*
*گر بدانستمی که یك دستی*

*من خداوند شاعران هستم*
*تو همانا رسول من هستی*(مستەفا، 2010: 418).

لە ئەنجامی ئەم مشتومڕەی لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا دەرکەوت کە مەستی ئەفەندی وەك هەموو ئەو کەسە کاریگەرانەی ئەوسا، کەوتۆتە بەر توانج و جنێوەکانی شێخ ڕەزا، بەدڵنیایی دەبێ مەستییش شیعری هەبووبن و وەڵامی دابنەوە، بەڵام لەمانە بترازێ هیچی تر تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە. 273

## ئەنجام

- مەستی لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، بە عەبدولڕەسوول مەستی، ڕەسوول مەستی، مەستی ئەفەندی و بە یەکێك لە زانایانی، ڕەواندوز، سلێمانی و موسڵ ناوی هاتووە.

- مەستی لەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ بووە، چالاکیی زۆری هەبووە و بە سەرپەرشتی ئەو چەند مەکتەبێك لە نوێوە کراونەتەوە و بۆ یەکەم جار مەکتەبی کچانی لە موسڵ کردۆتەوە.

- مەستی ئەفەندی ناکۆکی لەگەڵ ئەحمەد فائیز بەرزنجی نائیبی موسڵ هەبووە و یەکێك لە هۆکارەکانی لەسەر کارلادانی بۆ ئەو گەڕاندۆتەوە.

- مەستی زمانەکانی، کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و فڕەنسی زانیوە و بە گوێرەی بۆچوونی خۆی، بەشێك لە بەرهەمە زانستییەکانی لە فڕەنسییەوە وەرگێڕاوە.

- لە بواری زانستی فیزیاوە، ئامێری ڕاکێشانی ئاوی بەبێ هەوا و هەڵم دروست کردووە و بەو داهێنانەی دەوڵەتی عوسمانی ماوەیەك ناردوویەتییە فەڕەنسا، بەڵام لەبەر بێ پشتیوانییەکەی پڕۆژەکەی وەستاوە.

- مەستی ئەفەندی دە کتێبی نووسیوە و دوانیان چاپ کراون و ئەوانی تری وەك دەستخەتیش بزرن و تەنیا ناویان ماوە.

- شێوازی شیعرەکانی مەستی لە شیعری کۆتایی سەدەی نۆزدەی شیعری کوردیی ناوەند دەچێ و تەنیا دوو شیعری سەربەخۆی دۆزراوەتەوە.

- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە چەند شیعرێکدا هەجووی مەستی کردووە، بەڵام تەنیا یەك دێرە شیعری مەستی لەو ململانێیەدا ماوە.

## ژێدەر


بابان، ج. (2012)، أعلام الكرد، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، أربيل: دار آراس.

بەحرکەیی، ت. (2010). مێژووی زانایانی کورد، بڵاوکراوەکانی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس

تاقانە، ئە.(2010). شێخ رەزای تاڵەبانی کەڵەشاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چاپی دووەم، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

زكى، مـ. (2005). مشاهير الكرد وكردستان، اعداد رفيق صالح، السليمانية، مطبعة شڤان.

زەکی بەگ، م.ئە. (2005). تاریخی سلێمانی و وەڵاتی، چاپی دووەم، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.

السيد، ف. (1990). معجم الالقاب والاسماء المستعارة فى التاريخ العربى والاسلامى، الطبعة الاولى، بيروت: دار العلم للملايين.

فوئاد، ك. (1984). بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا توفیق وەهبی یەوە (1891-1984)، گۆڤاری هیوا، بڵاوکراوەی ئەنستیۆتی کورد، ژمارە 2/ پاریس: ل 17-19.

الكردى، م. (2008). الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التأريخ، المجلد الثانى، الطبعة الاولى، بيروت: الدار العربية للموسوعات.

مستەفا، ش. (2010). دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپی دووەم، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

موکریانی، گ. (2019). گوڵچنی گیو، ڕێکخستن و ئامادەکردنی د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات

هاوار، م. (2007). بیرەوەری، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.

وهبى، توفيق(؟)، مذكراتى، نسخة مخطوطة فى مؤسسة ژين- السليمانية.

## Jêder

Al-kurdî, M. (2008). *Almeusu'etul-kebrî li meşahîril-kurd 'ebret-tarîx*, c.2, Beyrut: addarul'erebbiye lîlmewusu'at.

Arslantaş‹ N. (2007). “ll.Abdülhamid Zamanında Kaleme Alınan Bir Deprem Risalesi: Resul Mesti Efendi'nin Siper-i Zelzele'si [Paratremblements De Terre]” *M.Ü. İlahiyat Fakültesi Dergisi*, ss. 129-168.

Baban,C. (2012). *E’lamul-Kurd, Etteb’etus-saniye*, Hewlêr: Dar Aras.

Behirkeyî,T. (2010). *Mêjûy Zanayanî Kurd, Billawkrawekanî Korrbendî Hizrî İslamî,* Çapî Yekem, Hewlêr: Çapxaney Aras

Esseyyid, F. (1990). *Mu'cemul-elqab wel-esma elmuste'are fît-tarîxil-erebî welîslam*, Beyrut: Dar el-ilim lil-melayîn.

Fuad, K. (1984). “Be boney koçî diwayî Mamosta Tofîq Wehbî yewe (1891-1984)”, *Govarî Hîwa*, Billawkirawey Entittoy Kurd, j. 2, r.17-19.

Hawar, M. (2007). *Bîrewerî*, Silêmanî: Billawkrawekanî Binkey Jîn.

Mistefa, Ş. (2010). *Dîwanî Şêx Rezay Tallebanî*, Çapî Duwem, Hewlêr: Billawkrawey Aras.

Mukiryanî, G. (2019). *Gullçinî Gîw*, Rêkxistin û Amadekirdinî Kurdistan Mukiryanî, Çapî Yekem, Hewlêr: Çapxaney Rojhellat

Subaşı, T. (2019). *Osmanlı Devleti’nin İlk Maârif-i Umûmiye Nazırı Abdurrahman Sami Paşa*, Sakarya: Sakarya Üniversitesi Yayınları.

Taqane, E.(2010). *Şêx Rezay Tallebanî Kelleşa'îrî Xorhellatî Nawerrast*, Çapî Duwem, Hewlêr: Billawkrawey Aras.

Wehbî, T. (?). *Muzekkeratî*. Destxet li Arşîva Binkey Jîn.


Zekî Beg, M.E. (2005). *Tarîxî Silêmanî û Wellatî*, Çapî duwem, Silêmanî: Billawkrawekanî Binkey Jîn.

Zekî, M. (2005). *Meşahîrul-ekradî we Kurdistan*, Î’dad Refîq Salih, es-Suleymaniye: Metbae Şivan.

## کۆدی بەڵگەنامەکان:

A.}MKT.MHM.  195 - 38
A.}MKT.MHM. 472 - 31
A.}MKT.NZD.  297 - 21
A.}MKT.NZD.  301 - 33
A.}MKT.UM.. 495 - 94
BEO 1836 - 137627
BEO.001410.105708.001
BEO_001440_107944_003_001
BEO_001440_107944_002_002
BEO.001836.137627.003
BEO.001836.137627.004
DH.MKT.02086.00001.001
DH.MKT.02086.00001.002
DH.SAİDd...   76 - 79
DH.SAİDd.00171
İ..MVL. 423 - 18572
MF.İBT. 10 - 19
MF.İBT. 50 - 40
MF.MKT.  570 - 39
MF.MKT. 100 - 92
MF.MKT. 13 - 97
MF.MKT. 16 - 48
MF.MKT. 23 - 73
MF.MKT. 24 - 37
MF.MKT. 979 – 24
MF.MKT.01034.00047.002
ŞD.  2987 - 83
ŞD.01094.00014.001
ŞD.01109.00045.001
ŞD.01109.00045.002
ŞD.02179.00014.002
ŞD.02179.00014.005
ŞD.02179.00014.006

نمونەی وێنەی بەرگی کتێب و چەند بەڵگەنامەیەك






### سبب زلزله

بولنان تكرلكلر و دمير يوللرك دروننده، نجم اولنان طوز وطپراغك اخراج وازالهسيله اوطهنك سطح تحتانيسنى تنظيف ايلك زلزله وقوعنده، دوشهمه ايله تعلقات سايرهسى حركتيه حاضر وآماده بولنمسنى اقتضا ايدر.

تمت الرساله


İzmirli İ. Hakkı
1945


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

[illegible]

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.NZD
297 | 21 | 2

A.}MKT.NZD.00297.00021.002




A.}MKT.UM.00495.00094.001

T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

انتخاب اولنه‌جق مأمورینه دائر ایضاحات ورقه‌سی

| | |
|---|---|
| اسمی | رسول ستی افندی |
| سنی | سکسان |
| مملکتی | موصل ولایتنده سلیمانیه قصبه‌سی |
| منشئی | مدرسه‌لرده و بر مدت دار المعلمین رشدیه‌ده تحصیل کورمشدر - |
| درجهٔ معلوماتی | |
| السنهٔ سائره‌یه واقف ایسه بیلدیکی لسانك یالسانلرك نوعی | لسان عثمانی و عربی و فارسی اوزره کتابت ایدر |
| السنهٔ سائره‌یه واقف وانده کتابته مقتدر ایسه اثر خامه‌سی اشبو ورقه‌یه ربط اولنه‌جق وربط اولندیغی بورایه اشارت قلنه‌جقدر | مربوطاً تقدیم ایلمشدر - |
| بجایش ویاتحویل مأموریت صورتیله انتخاب اولنمش ایسه شمدیکی مأموریتی | موصل ولایتی معارف مدیریتندن معزول |
| معزولیندن ایسه تاریخ عزلی | ۲۴ اغستوس ۳۱۲ |
| اسباب عزلی | عقیبه سنك بو زوقلغی ایجابی اولدیغی دیانتی استخفاف ایده‌جك درجه‌ده تفوهاتی بولنغی اشعارات مجدده اکلاشلمسیله عزل ایلمشده ده اخیراً شورای دولتجه تکرار استخدامی تقرر ایلمشدر - |
| بوصنفده نه‌قدر معزولین بولندیغی | سیواس و دیاربکر معارف مدیر سابقی عطوفتلو نجیب بك |
| صاحب‌ورقه تاریخ اعتباریله معزولینك قاچنجیسی اولدیغی | اوچنجیسیدر - |
| معزولین سائره‌یه ترجیحی اسبابی | عربی و فارسی لسانلرینه و احوال محلیه‌یه وقوفی و معذوریتی جهتیله ترجیح قلنمشدر - |
| وقتیله عزلنه لزوم کوسترن قنغی ولایت ویادائره اولدیغی | موصل ولایتی |
| متهماً عزل اولنمش ایسه یکیدن مأموریته تعیین اولنمسی تکلیف ایدلسنه نظراً تبرئهٔ ذمت ایتمش اوله‌جقندن برائتی قنغی دائره‌نك قرارینه مبنی اولدیغی | شورای دولت قراریدر |
| برائت قرارینك تاریخی | ۶ مارت ۳۱۳ تاریخلی شورای دولت مضبطه‌سی |
| برائتك تفصیلاً اسباب موجبه‌سی | [illegible] |

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1836 137627 3

BEO.001836.137627.003